# مافی دەستووری مێژوویی بۆ جوێبوونەوە

## ٢-٣

و: شوان

لــە بەشــی هــەرە زۆری مێــژووی مرۆڤایــەتی، بەردەوام تا بە ئەمڕۆ دەگــات، تاکــە دەســتاوێژێکی بەکاری جوێبوونەوە، شەڕو شۆڕ بووە. وێڕای چەندین نموونــەی مێــژوویی جوێبوونــەوە، هەنــدێکیان سەرکەوتووبوون و هەندێکی تریشیان بــێ مایــە، لێ خاڵی دەسپێکی بەفەر، جوێبوونــەوەی ویلایەتــەکانی هۆڵەندەیە لــە ئیمپراتۆریــای ئیــسپانیا لــە ســەدەی شــازدەمدا. بــەپێی بۆچــوونی Alexander Martinenkoی قانوونناس، پێڕەوکردنــی مــافی جوێبوونــەوە لەلایــەن هۆڵەندییەکانــەوە دژی ئیــسپانییەکان "یەکــەمین دۆکیــومێنتی نووســراوی لێکەوتەوە کە پاساو بۆ راست و رەوایی جوێبوونــەوە بێنێتەوە- واتە 'قانوونی جوێبوونەوە' کــە لــە ٢٢ی تــەمووزی ١٥٨١دا پەســندکراوە". Martinenko پێیوایە قانوونی جوێبوونەوە بۆ یەکــەمین جــار مــافی جوێبوونەوەی وەکو "مافێکی خۆڕسکی پەنامــەکیی بۆ گەلی هۆلەنــدا" هێنایــە گــۆڕێ کــە "دەبــێ بــە چەندین بەڵگەو دەلیل ساغبکرێتەوەو جێگیر بکرێ" بەر لــەوەی "وەك مــافێکی جیهــانی و بــێ کــۆت و مەرجی هەموو گەلان"[١] داوا بکــرێ. ئەگــەر ئێمــە تێزی Donald Livingston لە بارەی جوێبوونەوە بەڕاست و دروست بزانین، ئیــدی ئــەزموونی هۆڵەنــدا وەك سەرکەوتنێکی مێژوویی بۆ چــەمکی ئالتۆســی سەبارەت بە نیزامێکی سیاسیی فیدرال و پلورال خــۆ دەنوێنێ بەبــەراورد بــە نیزامــی هــۆبزیی یۆنیتــاری Unitary پتەو و لەبەریەکهەڵنەوەشاوەی سیاسی.

Martinenko بەردەوام دەبێ و پێ دادەگرێ کە "حجــە" یێکــی تــر کــە مــافی جوێبوونــەوەی وەك مــافێکی مرۆیــی جیهــانی پتــەوکردووە، شــەڕی شۆڕشگێڕانەی ئەمریکایی لەگەڵ خۆیــدا هێناویەتــە ئاراوە. چونکە لەم شەڕەدا "مافی جوێبوونەوە وەکــو مافێکی گشتیی هەموو گەلان لــە دنیــادا باســی لێ کراوەو لێکدراوەتــەوە. مــافی خۆبــەخۆی گــەلان بــۆ سەروەربوون (بۆ بەدەوڵەتبوون)، بووە بە بناخەیــەکی تیوریی بۆ ئەم هەڵوێست و بۆچوونە"[٢].

هەرچەندە شەڕی شۆڕشــگێڕانەی ئــەمریکایی — شــەڕی جوێبوونــەوەی ئــەمریکا لــە ئیمپراتۆریــای بــەریتانی _ ســەبارەت بــە هاتنەکایــەی مــافێکی

دانپیانراوی قانوونیی بۆ گەلان سەبارەت بە جوێبوونەوەو پێکهێنانی دەوڵەتی سەروەرو سەربەخۆی خۆیان، وەکو رووداو و پێشهاتێك کە تۆوی پەرەسەندنی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتبێ، حیسابی بۆ دەکرێ. لێ John Remington Graham پێیوایە کە شۆرشی هێژاو مەزنی ١٦٨٩ ی بەریتانیا، پێشینەیەکی واقیعی بووە بۆ شۆرشی ئەمریکایی. بەپێی Graham ئەم شۆرشە مەزنەی ١٦٨٩ ریگەی کردەوە بۆ:

"راگواستنەوەی شۆرشگێرانەی حکوومەت، بەلام قانوونی و ئاشتیخوازانە لە هەلومەرجێکی نائاساییدا، بەهۆی دەستاوێژێکی رێزلێگیراوی قەول و بریەی نێوان گەل و هەر سێ سەرچاوەکانی دەسەلات و نفووزی شانشین[٣]، کە بەشێوازێکی لەباری ئاسایی لە دەستی میرزادەیەکی هەڵکەوتوو، یان سەرکردەگەلێکی سروشتیی مەملەکەت کۆ ببوونەوە بە مەبەستی سازدانەوەی خەسیەتەکانی دەسەلاتێکی سەروەر، دەستپێداهێنانەوەی دەستوور بۆ ئەوەی کاری پێ بکرێ، دامەزراندنەوەی حکوومەتی ولاتەکە"[٤].

Graham باسی ئەوە دەکات چۆن James II، بەرەورووی ئۆپۆزیسیۆنێکی پەرەسەندوو بووە، بە گرەوکردن بە تاجی خۆی لە William of Orange، کە لە ئەنجوومەنی گەورە Magnum Conciliumی ئەنجوومەنی لۆردان‌دا پوخت کرایەوە، پێشینەیەکی بۆ بەڵێن و قەولێك دامەزراند "بۆ مکومکردنی میانەڕۆیی، دادپەروەری، ئاشتەوایی" لە کایەی شۆرشێکی شیاودا[٥].

Graham باسی جوێبوونەوەی ١٣ کۆلۆنییەکەی بەریتانیا لە ئەمریکا دەکات، بەشێوەیەکی بەرچاو گرێدانی پەیمانی ١٧٧٦ی ڤێرجینا، وەکو "قانوونێکی بەئاگا بۆ وەلامدانەوەی بانگەوازی ویلیام ئۆرەنگ بۆ کۆبوونەوەی پەرلەمانی ١٦٨٩". تەبای کۆبوونەوەی لۆردو خانەدان و هەر سێ سەرچاوەکانی دەسەلات لە ئینگلستان لە ١٦٨٩دا کە گۆرانێکی ریشەیی لە یاسای بنەڕەتیی ئینگلستاندا بەئەنجام گەیاند، پەیماننامەی ڤێرجینیاش، بە پەسندکردنی جارنامەی ڤێرجینیا بۆ مافەکان و دەستوور "شێوەی کۆماریی بۆ حکوومەت" و "قانوونی ئەساسیی بۆ ڤێرجینیا" دارشت و دانا[٦]. یەکسەر دوای ئەوە، هەموو کۆلۆنەکان سەربەخۆیی خۆیان لە ئینگلستان راگەیاند و بەهەڕا برگەکانی کۆنفدراسیۆنێکیان وەکو "دەوڵەتی سەربەخۆ و ئازاد" مۆرکرد.

داخوا بەراوردەکەی Graham لە نێوان راگواستنەوەی قانوونی و ئاشتیانەی حکوومەت بەهۆی شۆرشە هێژاکەی ١٦٨٩و راگواستنەوە هاوشێوەکەی کۆلۆنیی ڤێرجینیا بۆ کۆماری وەك ئەوە نییە کە سێو لەگەل سێودا بەراورد بکرێ. گۆران لە پاشایەتی لە ١٦٨٨دا رەوتارێکی ناوەکی بوو لەناو شانشینی ئینگلستاندا، هەرچی گۆرانە سیاسییەکەی ڤێرجینیا و ١٢ کۆلۆنیەکەی تر بوو ئەوا دەرچوونێکی واقیعیانە بوو لە بازنەی حوکمرانیی شای بەریتانی. ئا بەم شێوەیە، داخوا شۆرشە هێژاکەی ١٦٨٩ بەراستی پێشینەیەك بوو بۆ جوێبوونەوەی ١٣ کۆلۆنییەکە دوای نزیکەی ١٠٠

ساڵ، کە پێشینەیەکی قانوونیی ڕەوا بۆ مافی دەستووریی جوێبوونەوە دابنێ؟ ڕەنگە یەکێ وا بەرسف بداتەوە: لە کاتێکدا لایەنە واقیعی و جەوهەرییەکانی ئەم دوو ڕووداوە سیاسییە وەکیەك نین، لێ لایەنە کارڕاییەکانیان وەکیەك وان. ئێمە لێرەدا ڕووە کارڕاییەکەی جوێبوونەوەی دەستووریمان بەلاوە گرنگە، بۆیە بەراوردەکەی Graham لە نێوان ئەنجوومەنی گەورە Magnum Concilium ی شۆرشە هێژاکە و پەیماننامەی دواتری ڤێرجینیا لە جێگەی خۆیدایە.

Graham، لەسەر ئەو باسە دەڕوا کە هەرچەندە یەکگرتنی دەوڵەتگەلێکی سەروەر لە سایەی ماددەو برگەکانی کۆنفدراسیۆن بەراشکاوی بۆ هەتا هەتاییە، لێ ئەمە ڕێگە لەوە ناگرێ "بە هۆی جوێبوونەوەی چەند دەوڵەتێك، کۆنفدراسیۆنەکە هەڵبوەشێتەوە بۆ ئەوەی ئازاد بن و یەکێتیەکی نوێ پێکبهێنن". سەرباری ئەوەش، Graham نیشانی دەدا کە کۆنفدراسیۆنەکە نە پێویستی بە هەموارکردنی دەستوور هەیە، نە پێویستیشی بە ڕەزامەندیی تێکڕای دەوڵەتەکان هەیە تا لەبەریەك هەڵوەشێتەوە(7). بەپێی بەڵگەو دەلیل کۆنفدراسیۆنی ئەمریکی، بەلایەنی کەمەوە لە کاتی دامەزراندنی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا، زێتر وەکو نیزامێکی ئالتۆسی مامەڵەی لەتەکدا کراوە کە لەسەر فیدرالیزمی فرەیی دامەزرابێ نەك نیزامی هۆبزی کە مامەڵە لەگەڵ یەکێتیی سیاسیدا دەکا وەکو نیزامێکی سادەی یۆنیتەری و هەتا هەتایی.

دیاهی، Graham پەنجە لەسەر ئەم خاڵە دادەنێت کە ویلایەتەکان بەهۆی دەنگدانی ئەنجوومەنی یاسادانانەوە لە فیدراسیۆن جوێبوونەوە، کەچی لە کاتی ڕێککەوتننامەی فیلادلفیا بیر لەوە کرابۆوە کە "گەل لە هەر ویلایەتێکدا" نەك ئەنجوومەنی یاسادانان، دەبێ دەسەڵاتی ئەوەی پێ بدرێ چ بۆ جوێبوونەوە، یان پێکهێنانی یەکێتیی ویلایەتەکان. ئیدی لەم شیکردنەوەیەی Graham دەگەینە ئەم هۆیە، کە وێڕای نەبوونی مافێکی بەئاشکرای دەستووریی جوێبوونەوە، پێشینەیەك هەبوو بۆ جوێبوونەوەی قانوونی بە هۆی هەمان قانوونی ولاتە سەربەخۆکانەوە کە لە کۆنفدراسیۆن بێنە دەرێ بۆ پێکهێنانی "یەکێتیەکی تەواو" تر.

لە چارەسەری دەستووریی مۆدێرنانەی ئەمریکی، فەقیهە بەناوبانگەکان، جەخت لەسەر گرنگیی جوێکردنەوەی دەسەڵاتەکان و فیدرالیزم دەکەنەوە وەك چێك check و هاوسەنگیکی پێویست بۆ جڵەوگرتن و بەرزەفتکردنی دەسەڵاتی دەوڵەت. بە تایبەتی، گرنگی دراوە بە دادگەی بالاّ وەك دوا بەریوانکاری دەستووریبوون. لەگەڵ ئەوەشدا، بەر لەشەڕی نێوان ویلایەتەکان، Graham قامکی بۆ ئەم فاکتە ڕاکێشاوە کە میکانیزمی تری دەستووریش لەئارادا هەن کە بۆ بەرەنگاری دەسەلاّتی ڕوو لەزیادی حکوومەت تەرخانکراون، میکانیزمی ئەوتۆی تەواو کارای سەلمێنراو. ئەم ڕێوشوێنانە- ناوبژیکردن و دەخالەتکردن، هەڵوەشاندنەوە، جوێبوونەوە وەکو دوا پەناگە- نەك هەر لەلایەن سەرکۆمار، کۆنگرێس، یان دادگەی بالاّ سوودیان لێوەرگیراوە، بەڵکە ویلایەتە سەروەرەکان خۆیشیان کەڵکیان لێوەرگرتوون.

وەكـو بەشـێك لـە بەرەنگاربونـەوەی تاریفـەی بـاكوور، كارۆلینـای خـواروو South Carolina نارەزایی دەستووریی خۆی لەرێگـەی دەخالەتكردنـەوە دەربـڕی، ئـەم دەخالەتكردنـە بـە بڕیـاری ١٨٢٨ی كارۆلینای خواروو رەوایی پێدرا (هاوشـێوەی بڕیـاری ١٧٩٨ی ڤێرجینیـا). Graham دەخالـەتكردن وا پێناسـە دەكـات "پێـشنیارو تێزێكـی سیاسـییە كـە میكانیزمـە دەسـتوورییەكانی یـەكێتی Union لـە كاركردنێكی راست و دروستدا سەركەوتوو نەبوون"(٨). دەخالـەتكردن لەلایـەن كارۆلینـای خـوارووەوە وەكـو زەنگێكی سیاسی بەكارهات و رایگەیانـد كـە گـەلی ویلایەتەكانی خواروو ئامـادەن پـەیمانێك بـۆ گـۆڕینی دەستوور ببەستن. كـاتێ كـە شـوێنەواری تاریفـە لـە باشـوور خـراپ كەوتنـەوە، لـە نۆڤامبـەری ١٨٣٢دا كۆنگرەی كارۆلینای خواروو، قانوونی هەڵوەشاندنەوەی تاریفـەی دەركـرد (نـەك ئەنجومـەنی یاسـادانانی كارۆلینای خواروو) - ئەم بزاوتە دەستوورییە بەتەواوی لـە گـەڵ بڕیارەكـانی ١٧٩٨ و ١٧٩٩ی كینتـاكیی جیفرسۆن ریك دێنەوە. بۆ بەرەورووبوونـەوەی قـانوونی هەڵوەشـاندنەوەكە، سـەرۆك Andrew Jackson ناچار بوو دوو قانوونی میانڕۆی تاریفە مۆربكـات بـۆ وەلاٌمدانەوەی ئەوەی ناوی لێنرابوو "تاریفەی بێزراو". كاتێ كە ئەم دوو قانوونە نوێیە دەرچوون و مـۆركران، واز لە قانوونی هەڵوەشانەوە هێنراو و قەیرانی تاریفـە چارەسەركرا، بەم شێوەیە هاوسـەنگی هێـز لـە نێـوان باكوور و باشووردا گەڕایەوە جێگەی خۆی.

لەكاتێكدا كارۆلینای خواروو هەستیكرد پێویـستە هەم پەنا بۆ دەخالەتكردن و هەم بۆ هەڵوەشاندنەوە ببا بۆ وەلاٌمدانەوەی تاریفەی باكوور لەسـەر پیـشەسازیی باشــوور، Graham پێیوایــە جێبــەجێكردنی جوێبوونـەوەی دەسـتووری لەلایـەن باشـوورەوە بـە سەركەوتووانە دواخرا بە هۆی سازشكارییەكەی ١٨٥٠ میسۆری كە هاوسەنگیی سیاسـیی هێـزی لـە نێـوان ویلایەتەكانی باشورو باكوور راگرت. ئەم سازشـكارییە بەلانسە سیاسییەكەی راگرت لە رێگـەی هێـشتنەوەی ژمارەیەك كۆیلەو ویلایەتی ئازاد لە یەكێتیەكـەدا بـە شێوەیەكی یەكسان و هاوسەنگ.

دیـاهی، بەهـەرحاڵ، شـوێنەوارەكانی تاریفـەی باكوور لەسەر بەرهەمهێنانی پەمۆی باشـوور جێگـەی خۆیان گرت و ویلایەتەكانی باشوور هەستیانكرد هـیچ بـەدیلێكیان بەدەسـتەوە نییـە، بەڵكـە دەبـێ لـە یەكێتیەكە جوێ ببنەوە. دەق وەكو ئەوەی لە هـەڵلای شۆڕشی ئەمریكادا كردیان، هەر ویلایـەتێكی باشـوور داوای لـە خـەڵكی خـۆی كـرد (نـەك لـە پەرلـەمانی ویلایــەت) دەســەلاٌتی ســەروەرانەی دانپیــانراوی دەستووریی خۆیان پیادە بكەن. ویلایەتەكانی باشوور، یەك لە دوای یەك، بە پەسندكردنی قانوون لە كـۆنگرە و جڤاتی خۆیاندا، بەشێوەیەكی قـانوونی و ئاشـتییانە لە ویلایەتـە یـەكگرتووەكانی ئـەمریكا جوێبوونـەوە. بەگوێرەی Graham دەكرێ بناخەی دەسـتووریی بـۆ مافی جوێبوونەوەی ویلایەتەكانی باشوور لـە درێـژەی كۆبوونـەوەو كـۆنگرەی ١٨٦٠ی كارۆلینـای باشـوور "جاڕنامەی هۆیەكانی جوێبوونەوە" بدۆزرێتـەوە، كـە پاساوی جوێبوونەوە دەداتەوە بە ئامـاژەكردن بۆ:

"بڕیارەكــانی ســاڵی ١٧٩٨ ی ڤێرجینیــاو كینتاكی، راپۆرتی پەیمانی هارتفۆرد لە ١٨١٥، ئـەو

وتارانەی بۆ خەڵك بلاوکرانەوە لە لایەن پەیمانی کارۆلینای باشوور لە ١٨٣٢"(٩).

هیچ هەموارکردنێکی دەستووریی پێویست نەبوو، هیچ ریفراندەمێك پێویست نەبوو. هیچ گفتوگۆیەك لەگەڵ حکوومەتی فیدرالیدا نەکرا.

جوێبوونەوەی ویلایەتەکانی باشوور، کە وەك پێشەکیەکی شەڕ وابوو لەنێوان ویلایەتەکاندا، دوا نمونەی دیرۆکیی جوێبوونەوەیەکی یەکلایەنەی دەستووریی بوو. بەپێی بۆچوونی Donald Livingston، شەڕ لەنێوان ویلایەتەکاندا، نوختەوەرچەرخانێکی گرنگی دوورکەوتنەوە بوو لە راست و دروستیی نیزامی فیدرەتیڤی ئالتۆسی، کە بەشێوەیەکی پەنامەکی دان بە مافی یەکە بچوکە ناوچەییەکانی دەسەڵاتی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا دەنێ کە لە کۆمۆن وێلت (Common wealth)ی گەورەتر لە خۆیان جوێ ببنەوە، بۆ شەرعیەتی نیزامی سیاسیی هۆبزی کە خۆی لە دەوڵەتی یونیتەریدا دەبینێتەوە وەکو دوا دادوەری قانوون و داد(١٠).

سەرۆك ئیبراهام لینکۆلن بۆ پاراستنی یەکێتیی وڵات، بەشەڕ وەڵامی جوێبوونەوەی ویلایەتەکانی باشووری دایەوە. لەکاتێکدا زۆر رۆژنامەو میدیای باکوورو باشوور وا حاڵیببوون کە تێکستی دەستووری ئەمریکا مافی قانوونیی ویلایەتە سەروەرەکانی تێدایە بۆ جوێبوونەوە لە ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە تەوژم و سەمتی ئالتۆسیدا(١١). لینکۆلن بۆچوونە هۆبزی و ناسیۆلیستەکەی دەستووری ئەمریکای گرتەبەر:

"بە سەرنجدانی قانوونی جیهانیو دەستووری ئەمریکا، یەکێتیی ویلایەتەکان بۆ هەتا هەتاییە... کە هیچ ویلایەتێك، بۆی نییە بە ویست و ئارەزووی خۆی، بەشێوەیەکی قانوونی لە یەکێتیەکە بچێتە دەرێ، هەر بریارو قانوونێکی لەمجۆرە لە باری شوێنەواری قانوونییەوە ڤالایە، کارێکی شەڕانگێزانەی توندوتیژە لەچوارچێوەی هەر ویلایەتێك یان ویلایەتەکان دژی دەسەڵاتی ویلایەتە یەکگرتووەکان کە بەپێی هەلومەرج لە باری یاخیبوون یان شۆرشگێریدان"(١٢).

سەرکەوتنی یەکێتی بەسەر باشووردا لە ١٨٦٥دا، مافی دەستووریی جوێبوونەوە لە ئەمریکا بەشێوەیەکی کاریگەر خرایە باری پشودانەوە. بەمجۆرە گوێزانەوەی دیرۆکی لە نیزامی سیاسیی ئەلتۆسییەوە بۆ نیزامی هۆبزی بەئەنجامی خۆی گەیشت (بەکۆتاهات)، شوێنەوەرای بەرەودوای ئەمەش بریتی بوو لە بە ناڕەواکردنی کاری جوێبوونەوە. لە کێشەی تەکساس لەبەرانبەر وایت (١٨٦٨)، دادگەی باڵای ئەمریکا بەشێوەیەکی کارا جوێبوونەوەی بەناڕەوا دانا وەکو رێگەچارەیەکی دەستووریی دروست کاتێ دادگا گوتی جوێبوونەوەی یەکلایەنە نا دەستوورییە(١٣). زێدە لەمەش، شەڕ لەنێوان ویلایەتەکاندا بەنرخێکی گران لە سەر ژیان و ماڵی ویلایەتەکان کەوت. داخوا مافێکی خویای دەستووریی بۆ جوێبوونەوە لە دەستووری ئەمریکادا جێی کراوەتەوە، شەڕ خۆی بەلا نراوە(١٤).

وێڕای ئەوەی جوێبوونەوە وەك مافێکی سروشتی چەندین ویلایەت بەشێوەیەکی کارا بەرەوا بینراوە

لەرێگەی سەرکەوتنی یەکێتیەوە بەسەر باشووورداو و بەهۆی تیکساس لە بەرانبەر وایت، جوێبوونەوەی بەئاشتی بەحوکمی قانوون رێبەدێی بکرێ بەتەواوی نەزانراوە. Robert A. Youngسێ نموونە دێنتەوە: جوێبوونەوەی هەنگاریا لە نەمسا لە سالی ١٨٦٧، جوێبوونەوەی نەرویج لە سوید لە سالی ١٩٠٥، جوێبوونەوەی سەنگافور لە مالیزیا لە سالی ١٩٦٥.

لە هەلومەرجی کزو لاوازی ئیمپراتۆریای نەمسا-مەجەر دوای شەری سالی ١٨٦٦ لەگەل پروسیادا، ئیمپراتۆر Franz Joseph رازیبوو سەبارەت بە سەربەخۆیی هەنگاریا دانوستان بکرێ. ئیمپراتۆر، دەستووری هەنگاریای نوێ کردەوە، دایتی Diet نەمسایی جوێبوونەوەی هەنگاریای بەهۆی سازشێکەوە وەراستگەراند، کە لەلایەن پەرلەمانی نەمساییەوە لە سالی ١٨٦٧دا پەسندکرا. کاتێ دانوستان لەگەل هەنگارییەکاندا بەکۆتاهات، دایتی نەمسایی، دەستووری نەمسای هەموارکرد تا لەگەل رێوشوێنە تازە سیاسییەکاندا بگونجێ و یەکبێتەوە[١٥].

لە حالەتی جوێبوونەوەی نەرویج لە سوێد، سوێدییەکان بەهۆی دەنگدانی پەرلەمانی نەرویج بۆ جوێبوونەوە، هەوەلجار تووشی شۆك بوون. بەپێی بۆچوونی Young "رای نەرویجییەکان سەبارەت بە سەروەری (بەدەوڵەتبوون) موکم و پتەو بوو، شەریان پێ مالوێرانی بوو، پێیانوابوو ئەگەر سوێد بیەوێ بەزۆر یەکێتیەکە بپارێزێ، زلهێزان گۆشەگیری دەکەن. دانوستان تاکە کارێکە کە شیاوی کردن بێت"[١٦]. هەروا راپرسییەك بۆ جوێبوونەوە لە نەرویج سازکرا و ٩٩٪ی نەرویجییەکان دەنگیان بۆ جوێبوونەوە دا. کاتێ کە دانوستان تەواو بوو، جوێبوونەوەی نەرویج-یش تەواو بوو بەهۆی ئەوە پەرلەمانی سویدی و نەرویجی قانوونی یەکێتیان هەلوەشاندنەوەو پاشای سوێد دەسبەرداری تەخت و تاجی نەرویجی بوو پاشای دانیمارك جێی گرتەوە[١٧].

بەپێچەوانەی حالەتەکانی جوێبوونەوەی هەنگاریا-نەمسا، سوێد- نەرویج، جوێبوونەوەی سەنگافور لە مالیزیا لە سالی ١٩٦٥دا، فیدراسیۆنی مالایا لەبەر هۆی ئیتنی و ئابوریی نالەبار لە نێوان سەنگافورە چینییەکان و زۆرینەی دانیشتوانە مەلاوییەکان، سەنگافوری لە یەکێتیە سیاسییەکە وەدەرنا. بەسەرسورمانەوە، جوێبوونەوەی سەنگافور، لەلایەن مالیزیاوە بەسەر سەنگافوردا سەپێندرا، پاش دانوستانێکی کورتخایەن و هەموارکردنی دەستوور لەلایەن پەرلەمانی مالیزییەوە کە رێگە بە جوێبوونەوە بدا، تەنیا سێ سەعاتی خایاند[٨].

لە هەر سێ ئەم حالەتەی سەرەوە، یۆنگ پێیوایە کە جوێبوونەوە بەشێوەیەکی دەستووریی لە رێگەی قانوونی ئەساسیی ئاراوە بەرێوەچووە. تاوتوێکردنی دەستووری لە هەر حالەتێکدا "ئەنجامێکی راست و دروستی دەوڵەتی پێشین بووە کە ئەو پرەنسیپەی قبولکردووە جوێبوونەوە رووبدا"[١٩].

ئەو هەول و سەمتە بۆ داننان بەشێوەیەکی قانوونی بە مافی کولتووری، ئیتنی، نەتەوەیی گروپەکاندا و پێرەوکردنی مافی چارەی خۆنووسین لە سەدەی نۆزدە و سەدەی بیستەمدا بەردەوام بوو. سەرۆکی ئەمریکا ویدرۆ ویلسون بەو هیوایە بوو مافی چارەی خۆنووسینی

نەتەوەیی لە نێو گەلانی دنیادا لەرێگەی دابینکردنی دەوڵەت بۆ گروپە نەتەوەیی و ئیتنییەکانەوە ئاشتیەکی سەقامگیر بێنێتە ئاراوە(٢٠).

پێڤاژۆی ئایدیۆلۆجی چارەی خۆنووسینی نەتەوەیی وایکرد یەکیەتیی سۆڤیەت دەستوورێك پەسند بکات کە مافێکی خویای بۆ جویێبوونەوەی هەموو کۆمارە ئیتنییەکانی خۆی تێدا بێت. دوای شۆرشی کۆمۆنیستی ١٩١٧، شورەوی وەکو فیدراسیۆنێکی کۆمەڵە کۆمارێکی سۆسیالیستی هاتە گۆڕێ. لە ١٩٢٢دا، پەیماننامەی پێکهێنانی یەکەتیی سۆڤیەتی کۆمارە سۆسیالیستەکان، کە مافی جویێبوونەوەی هەموو کۆمارەکانی تێدا بوو، لە لایەن دەوڵەتە سەروەرەکانی روسیا، ئۆکراینا، بیلۆروسیا، کۆمارە سۆسیالیستەکانی ئەودیوی قەوقاز مۆرکرا. خۆیایە، وێڕای ئەوەی مەبەستی راستەقینەی ئەم پەیماننامەیە زێتر ئەوەبوو کۆمارەکان هان بدا بێنە ناو کۆنفدراسیۆنەکە تا فیدراسیۆنێکی راستەقینە پێکبێت(٢١). بەپێی Lee Buchhiet: ئەمە تێزی سەرەکیی لێنین-ە کە ئاخاوتنێکی فرەو هەراو لە بارەی مافەکانی جویێخوازی پێویستە بۆ دڵنیاکردنەوە و پەسندکردنی بزاڤی هەرە زووی شۆرشگێری لە لایەن نەتەوەپەروەرەکانی ناو روسیای قەیسەری. لە رێگەی پشتگرتنی مافە نەتەوەییەکانەوە، بە مافی جویێبوونەوەشەوە، لێنین بەو ئومێدە بوو ترس و خۆفی نەتەوە جیا-جیاکانی ناو ئیمپراتۆریای روسی برەوێنێتەوەو لە دۆزی شۆرشگێری نزیکیان بخاتەوە(٢٢).

لەبەرئەوەی کۆمارە ئەندامەکانی یەکیەتیی سۆڤیەت بەپەرۆشی ئەوەبوون نەتەوایەتیی خۆیان بپارێزن، لێنین و ستالین هەندە دوور نەرۆیشتوون کە بەشێوەیەکی قانوونی سیستەمێکی یونیتەری حکومەت بسەپێنن. زێدە لەمەش، بەڵێندان بە کۆمارەکان کە مافێکی قانوونییان بۆ جویێبوونەوە هەبێ، بەمەبەستی جێبەجێکردن و بەڕێوەچوونی سیاسەتی ئابووریی نوێی کۆمۆنیستی، کە بازاڕێکی گەورەی ئابووریی ناوەکی گەرەکە، قەناعەتی پێکردن لەباری سیاسییەوە یەکبگرن (٢٣). دەستووری یەکەتیی سۆڤیەت، کە لە ساڵی ١٩٢٤دا گەلاڵەکرا، بنەماکانی پەیمانی ١٩٢٢ی داڕشتەوە و بەفەرمیکرد. لە دیباجەکەیدا هاتووە: "ئەم یەکێتییە یەکێتیەکی ئارەزوومەندانەی گەلانە بە مافی وەکیەکەوە، کە هەر کۆمارێك مافی جویێبوونەوەی ئازادانەی لەو یەکێتییە پێدراوە". دەستوورەکە زێتر روونیدەکاتەوە کە "مافی جویێبوونەوە، نابێ بەبێ رەزامەندیی پێشوەختەی سەرجەم کۆمارەکان، هەموار بکرێ، یان بەرتەسك بکرێتەوە، یان هەڵبوەشێنرێتەوە"(٢٤). لە ساڵی ١٩٣٦دا، لەسایەی حوکمی ستالیندا، دووبارە لە ساڵی ١٩٧٧دا، دەستووری سۆڤیەت هەموارکرا. لێ هەر جارە، مافی جویێبوونەوە لەم دۆکیۆمێنتەدا وەکو خۆی دەمایەوە.

هەرچەندە دانپیانانی قانوونیانەی مافی کۆمارەکان بە جویێبوونەوە لە یەکێتیی سۆڤیەت لە هەر دەستوورێکی سۆڤیەتیدا، لەباری کردەنییەوە بەبێ شوێنەوار و کەرخ مایەوە، چونکە یەکەتیی سۆڤیەت وەکو دەوڵەتێکی دیفاکتۆی یونیتەری بەڕێوەدەبرا. مافی جویێبوونەوە، لەلایەن چالاکیی سانترالیستیی دامودەزگای سیاسیی ئەوتۆی وەك دەستەی سەرۆکایەتیی سۆڤیەتی باڵا بێ کەڵك و پەرپوت کرابوو، چونکە سۆڤیەتی باڵا "دەسەڵاتی ئەوەی هەبوو ئەو بڕیارو جاڕنامەو قانوونانەی کۆمارە ئیتیحادییەکان بە تاڵ بکاتەوە کە لەگەڵ قانووندا نەگونجاون"، هەروا بەهۆی نەبوونی بەشێکی قەزایی سەربەخۆ وەکو چێکێك بەسەر دەسەڵاتی سیاسییەوە، ئەنجوومەنی سۆڤیەتی باڵا دەشیا بە دەستاوێژی تایبەتی:

"بـەهۆی پروپاگەنـدە، پۆلیـسی نهێنـی، دەروونناسـیی جەماوەری"(٢٥) ، ئۆتۆنۆمی کۆمارەکان وەلابنێ.

سەرباری ئەوەش، مـافی جوێبوونـەوەی کۆمارەکـان هیچ ئەسەرێکی پراکتیکی نەبووە، هەرگیز نیـاز نـەبووە کار بەم مافە بکرێ. هەمیشە بوونی مـافی جوێبوونـەوە لـە دەسـتووردا، لەگـەڵ ئـەرك و فـەرمانی یـەکێتیی سۆڤیەت بۆ بەنێونەتـەوەییکردنی کۆمـۆنیزم پێکنـاکۆك بووە. چونکە ئەگەر کۆمارەکانی سـۆڤیەت بیانتوانیبایـە جیابنبـەوەو ببنـە دەوڵـەتی سـەربەخۆ، بزووتنـەوەی کۆمۆنیستی جیهانی زیانی پێ دەکـەوت. کـاتێ لەگـەڵ ئەو بەها سیاسی و قانوونیانەدا دەکەوتنە بەرانبەر یـەك، بۆچوونی لێنین و ستالین خویا بـوو: پتـەوکردنی شۆرشـی پرۆلیتارییان پێ گرنگتر بوو لە ریزگرتن لە مافی کۆمارە ئیتنییـەکان بـۆ پیرەوکردنـی تـەواوەتی مـافی چـارەی خۆنووسین(٢٦).

وەکو روسیای سۆڤیەتی، حزبی شـیوعی چـین-یـش بەئاشکرا مافی جوێبوونـەوەی لـە دەسـتووری ١٩٣١ی چـین چەسـپاند وەك دەسـتاوێژێك بـۆ فریـودانی توخمـە نەتەوەییە ئیتنییەکانی ناو ولاتی چین و بـۆ داگیرکردنـی هەرێمە هاوسـێیەکانی وەك تیبـت. بـەلام کـاتێ حزبـی کۆمۆنیـستی چـین، کـۆنترۆلی ولات و هەرێمـەکانی دەوروبـەری چـینی کـرد، مـافی جوێبوونـەوەی لابـرد. دەستووری هەموارکراوی ساڵی ١٩٧٥ی چین دەڵێ: "چین دەوڵەتێکی فرە نەتەوەیە"(٢٧).

نمونەیـەکی تـری دیرۆکیـی مـافی دەسـتووریی جوێبوونەوە، نمونـەی بۆرمـا-یـە. بـەپێی فەسـڵی ١٠ی دەستووری ١٩٤٧-ی یەکێتیی بۆرما، "بـە راشـکاوانە دان بەوەدا نراوە بەپێی ئـەو مەرجانـەی لێـرەدا باسـیان لێکـراوە، هـەر ویلایـەتێ مـافی جوێبوونـەوەی لـەم یەکێتیەدا هەیە"(٢٨). بۆ پیرەوکردنی ئەم مافـەش چـەند مەرجێکی کارڕایی پێویستە وەك: ١٠ سـاڵ چـاوەڕوانی پـاش دەرچـوونی دەسـتوور، دوو لـە سـێی ئەنـدامانی ئەنجوومەنی ئەو ویلایەتەی دەیەوێ جیابێتەوە دەنگ بـۆ جیابوونـەوە بـدەن، پرسـکردن بـە خـەڵکی ولایەتـە جوێخوازەکە. ئەم مافی جوێبوونەوەیـە تـا ئـەو دەمـەی دەسـتووری سـاڵی ١٩٧٤-ی کۆمـاری سۆسیالیـستی یەکێتیی بۆرما سەپێندرا، هەر وەکو خۆی مایـەوە. لـەو دەمەوە، تەنیا پیرەوکردنی "ئۆتۆنـۆمی خـۆجێی لـەژێر سایەی سەرکردایەتیی ناوەندا" لە بـاری دەسـتوورییەوە رێگەی پێ دراوە(٢٩).

هەوڵ و کۆشـشی دیرۆکـی بـۆ بـە بـەقانوونیکردنی مافی جوێبوونەوە لە دەستووری نیشتمانیدا دەریـدەخات کە زۆرجار مافی جوێبوونەوە وەك تاکتیك بۆ راکێـشانی کۆڕو کۆمەڵەی نەتەوەیی و ئیتنی بچوکی سەروەر بۆ ناو یەکێتییەکی سیاسیی گـەورەتر بـە مەبەسـتی سـوودی کۆمەلایەتی و ئابووری بەکارهاتووە. بەهـەرحاڵ، کـاتێ یەکێتیە سیاسـییەکە هاتووەتـەدی، مـافی جوێبوونـەوە بەزۆری دەکرێتە بێ قانوونی، جا چ لە رێگەی سیاسـەتی کردەنییەوە بێ، یان بە هۆی ڤالاکردنەوەی قانوونی بێت. لەو بارانەشدا کە تێیدا مافی جوێبوونەوە پیرەو دەکـرێ، ئەنجامەکـەی بـەزۆری شـەڕو شـۆڕ بـووە کـە دەوڵـەتی مەرکەزی بۆ پاراستنی یەکێتیی سیاسیی ولاتەکە پـەنای بۆ بردووە. لەو حاڵەتانەشدا کە جوێبوونەوە بەشـێوەیەکی ئاشتی روویداوە، لەبـەر ئـەوە بـووە دەوڵـەتی ناوەنـدی واقیعیەت و رەوایی جوێبوونەوەکەی پەسند کـردووەو بـۆ راگواستنەوەی ئاشتیانە بەهۆی دەسـتاوێژی دەسـتووریی ئارا، دانوستانی کردووە.

## پەراوێزەکان

1- Alexander Martinenko, “the Right of Secession as a Human Right,” *Annual Survey of International and Comparative Law* 3 (Fall 1996), p. 20.

2- Martinenko, “The right of Secession as a Human Right,” p.20.

٣- ئەم سێ سەرچاوەی دەسەلاّت و نفووز لە ئینگلتەرا بریتی بوون لە: ١- سەرۆکی "الاساقفه" و "الاساقفه"کان ٢- ئەندامانی ئەنجوومەنی لۆردان ٣- ئەندامانی ئەنجوومەنی گشتی بریتانیا. (شوان).

4- John Remington Graham, A Constitutional History of Secession (Gretna, La: Pelican Publishing, 2002), pp.58-59.

5- Graham, A Constitutional History of Secession, p. 49.

6- Graham, a Constitutional History of Secession, p. 91.

7- Graham, a Constitutional History of Secession, p. 100.

8- Graham, a Constitutional History of Secession, p. 284.

9- Graham, a Constitutional History of Secession, p. 284.

10- Livingston, The Very Idea of Secession, pp.42-45.

11- See Charles Adams, When in the course of Human Events: Arguing the Case for Southern Secession (Lanham, Md: Rowman& Littlefield, 2000), pp. 14-16, and William Rawle, A View of the Constitution of the United States of America, 2nd ed. (Whggins, Miss.: Crown Rights, 1998), pp. 234-35.

12- Lincoln quoted in Graham, A Constitutional History of Secession, and pp. 291.

13- Graham, a Constitutional History of Secession, pp. 408-409.

14- See Thomas Dilorenzo, the Real Lincoln: A New Look at Abraham Lincoln, his Agenda, and an Unnecessary War (Roseville, Calif.: Prima, 2002), pp. 52-53, 176-177, and 259-260, and McGee, Secession Reconsidered, p. 23.

15- Robert A. Young, How Do Peaceful Secessions Happen? Canadian Journal of political Science 27, no, four (Dec. 1994), pp. 781, 787.

16- Young, How Do Peaceful Secessions Happen? Canadian Journal of political Science 27, no, four (Dec. 1994), p. 781.

17- Young, @How Do Peaceful Secessions Happen? @ Canadian Journal of political Science 27, no, four (Dec. 1994), pp. 781, 783 and 787. The actual vote result was 367,149 to 184 in favour of an independent Kingdom of Norway...

18- Young, @How Do Peaceful Secessions Happen? @ Canadian Journal of political Science 27, no, four (Dec. 1994), pp. 787, 778-780.

19- Young, @How Do Peaceful Secessions Happen? @ Canadian Journal of political Science 27, no, four (Dec. 1994), pp. 787.

20- For a more comprehensive account of Wilson’s policy push for national self-determination and its disastrous consequences in the aftermath of the Treaty of Versailles, see Ralph Raito, @World War I: The Turning Point,@ in the Costs of war: America’s Pyrrhic Victories, ed. John V. Denson, 2nd expanded ed. (New Brunswick, N.J.: Transaction, 1999), pp. 203-48.

21- Urs W. Saxer, The transformation of the Soviet Union From a Socialist Federation to a Commonwealth of Independent States,@ Loyola of Los Angeles International and Comparative Law Journal (July 1992), p. 615.

22- Lee Buchheit, Secession: The Legitimacy of self-determination (New Haven, Conn.: Yale University Press, 1978), p. 121.

23- Saxer, The transformation of the Soviet Union, pp. 615, 613.

24- Saxer, The transformation of the Soviet Union, pp. 613.

25- Saxer, The transformation of the Soviet Union, pp. 617.

26- Buchheit, Secession, pp. 123-25.

27- Buchheit, Secession, pp. 102.

28- Buchheit, Secession, pp. 100.

29- Buchheit, Secession, pp. 100.